**بەش/ زمانی عەرەبی**

**کۆلێژي/پەروەردەی بنەڕەتی**

**زانکۆي/ سەلاحەددین/ هەولێر**

**بابەت/ المشاهدة والتطبيق**

**قۆناغ/ چوارەم**

**ناوی مامۆستا / م.ی.نهله نورالدين محمد**

**ساڵی خوێندن: 2022-2021**

# پەرتووکی کۆرس
# Course Book

| | |
|---|---|
| 1. ناوی کۆرس | کۆرسی سالآنە |
| 2. ناوی مامۆستای بەر پرس | م.ی.نهلە نورالدين محمد |
| 3. بەش/ کۆلێژ | پەروەردەی بنەڕەتی/ بەشی زمانی عەرەبی |
| 4. پەیوەندی | nahla.mohammad@su.edu.krd |
| 5. یەکەی خوێندن (بە سەعات) لە هەفتەیەک | بۆ نموونە تیۆری: 1<br>پراکتیک: 2 |
| 6. ژمارەی کارکردن | لەحەفتەیەکدا بەنزیکی (1) کاتژمێر بۆ وڵامدانەوەی پرسیاری قوتابییەکان و قسەکردن لەسەر سەرچاوەو بابەتی تری پەیوەندیدار بە وانەکەوە. ئەم کات بەخشینەش بەشێوەیەکی دیاری نەکراو و نافەرمی. |
| 7. کۆدی کۆرس | – |
| 8. پرۆفایەلی مامۆستا | بە دەست هێنانی بروانامەی بەکالۆریۆس لەبەشی زانستی گشتی/ کۆلێژی پەروەردەی بنەرەتی/ زانکۆی سەلاحەددین ساڵی 2008 ، لە هەولێر ، لە ساڵی 2015 بروانامەی ماستەرم بە دەست هێنا لە کۆلێژی پەروەردەی بنەرەتی لە (ڕێگاکانی وانە ووتنەوەی زانستی گشتی ، ئێستا وەکو وانبێژ وانە دەڵێمەوە. |
| 9. وشە سەرەکیەکان | بینین، پراکتیك، پرانسیپەکانی وانەوتنەوە،- ڕاهێنان- وانەوتنەوە، پلان. – بەدواداچون – ڕێکخستن – ئەرکی قوتابی راهینراو –مامۆستا –بەرێوەبەر –ستراتیجیەت. |

10. ناوەرۆکی گشتی کۆرس:

گرینگی خوێندنی ئەم کۆرسە لەوەدا دەردەکەوێت، کە هۆکاری ناساندنی گشتی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن و بەش و ڕەگەز و پێکاتەکانیان. هەروەها چەقی کاری مامۆستا تێیاندا، وەك بەراییەك بۆ ئامادەباشی لەوانەوتنەوەدا.

هەروەها سەبارەت بە بایەخی پرسی بینین و سەرنج دان و تێبینیکردن لە پرۆسەی خۆ ڕۆشنبیرکردن و خۆ بەرەو پێشبردن لەکرداری پەروەردەو فێرکردندا.

لەلایەکی ترەوە ئاشناکردنی قوتابییان بە ئامانجە پەروەردیی و فێرکارییەکان کە خۆیان لە ئامانجە (مەعریفیی و ویژدانیی و دەروون جوڵەیی)یەکاندا دەبیننەوە. ئەمەش لەپێناو بەرچاو ڕوونی زیاتری قوتابییان تاکوو ببنە مامۆستایەکی سەرکەوتوو. هەروەها کار بۆ ئەو ئامانجانە بکەن.

بەو پێیەی پلان ڕۆڵی گرنگ دەگێڕێت لە بەرزبوونەی ڕادەی دەستکەوت لەهەر کارێکدا هەبوونی شارەزایی لە دانانی پلانی ڕۆژانەو

مانگانەو ساڵانە بەهەند وەرگیراوە. هەروەها فێربوونی چۆنێتی دانانی تێنووسی پلانی ڕۆژانەو کارپێکردنی.

تێگەیشتن لە جیاوازی تاکیی و سوود وەرگرتن لەپێوەری بابەتیی بۆ پۆلێنکردنی قوتابییان و جیاوازییەکانییان و ڕەچاوکردنی لە فێرکردندا، هۆکاری تەندروست مامەڵەکردنی مامۆستایە لەگەڵ فێرخوازەکانیدا.

لێهاتوویی لە کۆنترۆڵکردنی پۆل و کارامەیی لەبەڕێوەبردنی پۆلدا و زانینی هونەرەکانی مامەڵەی دروست و دادپەروەرانە و زانینی کارامەیی بەکارهێنانی زمانی جەستەو توانستی بەکارهێنانی لەپۆلدا دووبابەتی تری گرنگن بۆ کەسێتی مامۆستا.

هۆشیاری بایەخی کات و هونەری دابەشکردنی بەپێی گرنگیی و بایەخی بەشەکان.

زانینی چۆنێتی پرسیاردانان و پێوەرەلەبارەکانی هەڵسەنگاندنی قوتابییان.

بەرچاو ڕوونکردنی قوتابییان سەبارەت بە کێشە پەروەردەییەکان و فێربوونی هونەری چارەسەکردنیان.

سەرباری ئەمانە، ئەم کۆرسە یارمەتیدەربێت تاکو قوتابی دوای تەواوکردنی بەکەڵك وەرگرتن لەم کۆرسە، کەسێکی کارای نێو کۆمەڵ بێت و لەهەر شوێنێك هەلی کاری بۆ ڕەخسا ئامادەی خزمەتکردن بێت

**11. ئامانجەکانی کۆرس :**

ئەگەر چی لە بنەڕەتدا، وانەی (بینین) بردنی قوتابییانی بێ ئەزموونی قۆناغی چوارەمە بۆ قوتابخانە بنەڕەتییەکان، تاکو ئەزموونی مامۆستایانی بەئەزموون ببینن. ئەمەش لە پێناو هاتنە دی ئامانجەکانی ئەم کۆرسە. هەروەك لە خوارەوە دەستنیشان کراون:

- پێدانی زانیاری زیاتر لەبارەی چۆنێتی وتنەوەی وانە هەر یەك بە پێی پسپۆری خۆی.
- چەسپاندنی زانراوەکانی سەبارەت بە ڕێگاو شێوازە جۆراوجۆرەکانی وانەبێژیی کە پێشتر فێری بوونە. ئەمەش لە میانەی بینینی کرداری وانەبێژیدا لە ئەزموونی یەکتردا.
- گۆڕینەوەی ئەزموون لە نێوان خۆیاندا لە چوارچێوەیەکی ڕەسەنی وانەبێژیدا.
- جێبەجێکردنی پرۆسەی (خود خەڵسەنگاندن)ی قوتابیان لە نێوان خۆیاندا.
- دروست بوونی پاڵنەری دەروونی زیاتر بۆ وانەبێژان لەپێناو بوێری و مەیدانی بوونی زیاتر لە کرداری وانەبێژیدا.
- دەرفەتێکی تر بۆ فێربوون و ئەزموون وەرگرتن لەخەڵکانی جۆراوجۆر و شەیدایی بوون بۆ پیشەی وانەبێژی.

12. ئەرکەکانی قوتابی:.

پێویستە قوتابی لە چالاکیی و بەشداری نێو پۆل لەتێکڕای ساڵی خوێندن، کە ئەمانە لەخۆدەگرێت: (ئامادەبوون و پابەندبوون، سمیناری ماوە کورت سەبارەت بەچەمکێکی تایبەت لەنێو بەرنامەی داواکراو ، خوێندنەوەی پەرتووکی پەیوەست بەباتەکەو نمایشکردنی پوختەیەکی لەماوەی (5) خولەکدا لەپۆل ، ئامادەیی بۆ تاقیکردنەوەی ماوە کورت و لەناکاو، بەشداری لە راڤەی بابەتەکە لە نێو پۆلدا)

**13. ریگای وانەووتنەوە:.**

ڕێگای ئامادەکاریی (طريقة المحاضرة)

ڕێگای پرسیار و وڵام (طريقة الإستجواب)

ڕێگای گفتوگۆ (طريقة المناقشة) سەبارەت بەوەی دەبینن و دەگوزەرێت لە قوتابخانە بنەڕەتییەکاندا.

ڕێگەی خستنە ڕووی سەرنج و تێبینی نووسین و ئامادەکردنی راپۆرت لەبارەی ئەو سەرنجانەی بۆیان دروست بووە لە ئەنجامی بینینەکەدا..

دابەشكردنی تەواوی بابەتەكان بەسەر مامۆستایاندا، تاكو خۆیان ئامادە بكەن بۆ وتنەوەی وانەیەكی تایبەت لە پێناو پیشاندانی كارامەیی خۆیان و هەڵسەنگاندنیان لەلایەن ئامادەبوانەوە. بابەتەكانیش بریتین لە سەرجەم دەستەواژەو بابەتە بڕیار لەسەر وانەی زانستەكان لە خوێندنی بنەڕەتیدا، كە پەسەندكراوی وەزارەتی پەروەردەیە.

### 14. سیستەمی هەڵسەنگاندن.:

یەكەم: لە (30٪)ی نمرەكان، تایبەتە بە كۆششی ساڵانەی قوتابی، كە بەم شێوەیەی خوارەوە دابەش دەبن:

(6 نمرە) پێشكەشكردنی بابەتێك، بەمەرجێك بنەماكانی وانە وتنەوەی تێدا ڕەچاو بكرێت.

(6 نمرە) نووسینی پلانێكی وانەووتنەوەی نموونەیی.

(6نمرە) بەشداری لە پرۆسەی بینین ( ئامادەبوون لە قوتابخانە).

(6نمرە) پڕكردنەوەی فۆرمی هەڵسەنگاندن.

(6نمرە) بشداری ڕۆژانە.

دووەم: لە (70٪)ی نمرەكان، تایبەتە بە قۆناغی دووەمی پەروەردەی كردارییەوە كە (جێبەجێكردن)ە. ئەویش بەم شێوەیە دابەش دەكرێت:

لە 30٪ هەڵسەنگاندنی هەڵسەنگێنەری زانستیی.

لە 30٪ هەڵسەنگاندنی هەڵسەنگێنەری پەروەردەیی.

لە 10٪ بەڕێوەبەری قوتابخانەی هاوكار.

### 15. دەرئەنجامەكانی فێربوون.:

قوتابی بەڕێز..

وەرگرتنی ئەم كۆرسە بەتەواوی لەلایەن بەڕێزتانەوە، بەو مەرجەی ئامادەیی و پابەندیی تەواوت هەبێت لەگەڵیدا، هەروەها بەسەرنجەوە بەشداری تێدا بكەیت و بەدواداچوونت هەبێت بۆ سەرچاوەكانی، ئەوا بەدڵنیاییەوە لەچەند لایەنێكەوە گەش دەكەیت، كە بریتین لەم لایەن و بوارانەی ژیانت:

یەكەم: **لایەنی مەعریفی:** ئەم كۆرسە زانیاری و چەمك و زاراوەیەكی زۆرت پێ ئاشنا دەكات سەبارەت بە پیشەی مامۆستایەتیی و ڕەگەز و پیكهێنەرە سەرەكییەكانی پەروەردەو فێركردن و هونەرەكانی وانەوتنەوە.

دووەم: **لایەنی دەروونی:** تەواوكردنی ئەم كۆرسە هێزێكی دەروونی باشە بۆ متمانەبەخۆبوون، ئامادەیی ویژدانی و شەیدایی بۆ كاركردن لە پیشەی مامۆستایەتیی. ئەمەش بە هۆی شكاندنی بەربەستەكانی وەك ترس و شەرم لەكاتی گفتوگۆ و پێشكەشكردنی بابەت.

سێیەم: **بواری كۆمەلایەتی:** ئەم كۆرسە فێری هونەری مامەڵەكردن لەگەڵ جیاوازییەكانت دەكات. هەروەها هانت دەدات كە كارلێكی ئەرێن و گونجانی تەندروست بكەیت لەگەڵ ئەو شوێن و ناوەندەی كە تێیدا دەست بەكاردەبیت.

چوارەم: **هەلی كار:** بەتەواوكردنی ئەم كۆرسە قوتابی ئامادەیی ئەوەی بۆ دروست دەبێت كەوا لەهەر شوێنێك هەلی كار هەبێت نزیك لەتایبەتمەندییەكەی، ئەم لیی سوودمەند بێت و بتوانێت سەركەوتن بەدەست بهێنێت

### سەرچاوەی كەرەستەو ماددەكانی كۆرس:

1) التربية العملية بين النظرية والتطبيق، د. محمود حسان سعد، دار الفكر، الطبعة الأولى/ عمان ـ 2001. (كۆدی ئەرتووكخانەی كۆلێذ، 370/138)
2) أساسيات في التربية العملية، د. عمر عبدالرحيم نصرالله، دار الوائل، الطبعة الأولى/ عمان ـ 2001. (كۆدی ئەرتووكخانەی كۆلێذ، 370/106)
3) دليل التربية العملية (معلم صف)، د. بسام القضاة ، د. ميسون الدويري، دار الفكر، الطبعة الأولى/ عمان ـ 2012. (كۆدی ئەرتووكخانەی كۆلێذ، 300/610)
4) قطمی , يوسف و قطامی ،نايفة ،1998 ، نماذج التدريس الصفی ، دار الشروق للنشر و التوزيع .
5) عدس ،محمد عبد الرحيم ،1999 ، الادارة الصفية و المدرسة المنفردة ، ط2 ، دار مجدلاوی للنشر ، عمان – الاردن .
6) معلم الصف وأصول التدريس الحديث، د. عبدالقادر مراد، دار الأسامة/ عمان ـ 2005. (كۆدی ئەرتووكخانەی كۆلێذ، 370/251)
7) الفرا، عبدالله عمر وجامل ،عبدالرحمن (1999)المرشد الحديث في التربية العملية و التدريس المصغر،ط3،دار الثقافة،عمان.


| | |
|---|---|
| **17. بابەتەكان:**<br>- پەروەردەی كرداری چیە؟وە پێناسەكەی؟ **هەفتەی 1**<br>قوناغەكانی پەروەردەی كرداری؟<br>- بينين چيە؟وەبابەتی بینین بۆ؟لە پێناو چی؟ هەفتەی 2<br>- بنەماكانی پرۆسەی بینین؟ وە بايەخ و گرنگی بینین؟<br>مەرجەكانی بینین؟<br>پیوەری هەڵسەنگاندن لە كاتی بینین؟ هەفتەی 3<br>ئەركەكانی قوتابی ڕاهێنراو؟<br>بەریوەبردنی پەروەردەی؟ هەفتەی 4<br>بەریوەبردنی پەروەردەی پۆل و فيركردنی كەريگەر؟<br>سەرپەرشتیاری پەروەردەی؟ **هەفتەی 5**<br>پلان چیە؟جۆرەكانی پلان (پلانی سالانە-پلانی مانگانە- پلانی رۆژانە) هەفتەی7.6<br>تايبەتمەندی و سوودەكانی پلانی وانەووتنەوە؟<br>مامۆستاو كەسايەتی مامۆستا؟ هەفتەی9.8<br>ئەركەكانی مامۆستای سەركەوتوو؟<br>رۆلی مامۆستای سەركەوتوو؟<br>كارەمایەكانی مامۆستای سەركەوتوو؟ | **مامۆستای بابەت نهلة نورالدين محمد** |

| | |
|---|---|
| | مامۆستای پۆل و وه خوود هەڵسەنگاندن؟ **هەفتەی10**<br>گرنگی بەکارهێنانی تەکنولۆجیا لە وانەووتنەوە؟ **هەفتەی11**<br>پرەنسیپەکانی هەڵبژاردنی ریگایەک بۆ وەنەووتنەوە؟<br>پرسیارەکانی ناو پۆل و وه ئامانج لە پرسیارکردن؟ **هەفتە ی12**<br>کاریگەری دەروونی و زانستیەکانی پرسیارکردن لەسەر قوتابی؟ **هەفتەی13**<br>جۆرەکانی پرسیار؟<br>تایبەتمەندیەکانی پرسیاری ناو پۆل؟<br>ئامانجەکانی پەروەردەی کرداری؟<br>رەگەزو پیکهینەرە سەرەکیەکانی پیشەی فیرکاری؟ **هەفتەی 15**<br>بنەما رەوشتیەکانی پیشەی فیرکاری؟ **هەفتەی16**<br>شیوازەکانی پراکتیکردن؟<br>فۆرمی تایبەت بۆ کاتی بینین ه پراکتیک؟ **هەفتەی17**<br>گرفتەکانی سالانی پیشووتر لە کرداری جیبەجیکردن؟ |
| | **18. بابەتی پراکتیک (ئەگەر هەبێت): قوتابیەکان تطبیقات دەکەن یان پیشاندانی ڤیدیۆی چۆنیتی دەرس ووتنەوە؟ یان ئامادەکردنی نمونەیەک بۆ وانەووتنەوە؟** |
| | |

## 19. تاقیکردنەوەکان

**1ئەم بابەتە بە شێوەی پراکتیکی ئەنجامدەدریت، بەشێوەی تیۆری تاقیکردنەوە ناکەن**

**(30٪)ی نمرەکان، تایبەتە بە کۆششی ساڵانەی قوتابی، کە بەم شێوەیەی خوارەوە دابەش دەبن:**

1. **لە 15٪ بینین، دیدەنی قوتابخانەکان، پابەندبوون و ئامادەبوون.**
2. **لە 10٪ ئەنجامگیریی بینین، راپۆرت، سمینار، وانەوتنەوەی ماوەکورت.**
3. **لە 5٪ چالاکیی و بەشداری نێو پۆل لەتێکڕای ساڵی خوێندن.**

**(70٪)ی نمرەکان، تایبەتە بە قۆناغی دووەمی پەروەردەی کردارییەوە کە (جێبەجێکردن)ە**

## 20. تێبینی تر

**قوتابییان دەتوانن نزیك لە سەرچاوە دیاریکراوەکانی نێو ئەم کۆرس بووکە، لەچوارچێوەی کۆرس بووکەکە دەربچن و بەدواداچوونی زیاتر بکەن بۆ بابەتەکە، هەروەها دەتوانن لەسەرچاوەی ترەوە باس لەو شتانەە بکەن کە من باسم کردوون..**

**21. پێداچوونەوەی هاوەڵ**